زەکەریا دەنگێکی سۆزناک و دوا ڕۆژێکی پڕ هەوراز

2

کەمال ڕێناس-ئەڵمانیا

گومان لەوەدا نیە کە کلیپ کردنی هەر گۆرانیەک ڕەوتەقێکی چاوەڕوانکراو بەو گۆرانیە دەبەخشێ و گوێگر و تەماشاکەر دەبەنە جیهانی چێژ وەرگرتن، هەندێ بە جۆرێ لە چاو بەستەی دادەنێن و دەڵێن چارتێر دەبێ گوێ بە خۆی نازانێ(1) هەندێکیش پێیان وایە زۆربەی کلیپەکان لە خەتی سوور لایان داوە لەگەڵ دابەزەریتی کوردەواری ناگونجێت(2)، چونکە هیچ داهێنانێکی ئەوتۆ بەدەست نادات کە بەرهەمەکە بگەیێنێتە کەشکەڵانی فەلەک و خزمەتی شارستانییەت.

بە هیچ کلۆجێ ناکات، چونکە نە شارستانییەت بەبێ جێگیر بوون دەبێ نە جێگیر بوونی هونەرمەندیش بەبێ شارستانی دەبێ (3) چونکە دەڵێن بەردو پێشچوون بە جلوبەرگی شێتاوی و وشەی سادەو ساکار نییە(4) زۆر ڕەشبینانە سەیری گۆرانی نێستا دەکەن کە گوایە کاریگەری نێگەتیڤی لەسەر گەنجان، دەبێ و هونەرمەند زەکەریاش وەکو هەر هونەرمەندێکی بە پەرۆشی بواری هونەر ئەسپی ڕەسەنی خۆی زۆر بە گوڕو تینەوە تاودادەو خاوەنی چەند کلیپێکی بەرچاوە:

1- نەمزانی ڕۆژێ دادێ(5) کە ناتوانی بە ڤیدیۆ کلیپ لە قەڵەم بدرێ، چونکە تەنها گۆرانیبێژ لە دیمەنێکی ڕەنگین ئەو گۆرانیە دەچڕێ.

2- بگەڕێوە(6) تاڕادەیەک لەوەی پێشووتر پێشکەوتووترە کە کچێکی لەگەڵە دەگەڕێتەوە فلاشباک و ڕۆژە پەمەییەکانی دڵداری و لەسەر دیوارەکە دەنووسێ بگەڕێوە هەستێکی ناسکی تێدایە لە ئامێزی من بترازێ لە هەر کوێ بی پەناهەندەی کە وشەی پەناهەندە لە شوێنی خۆی بەکار هاتووە.

3- کلیپی (دەتبینم) کە نووسیویەتی (نەدبینم) هەڵەیە دەتوانرێ لەگەڵ کەموکورتی بە ڤیدیۆ کلیپ لە قەڵەم بدرێ، چونکە مەرجەکانی لێ بەدی دەکرێ بەڵام پێم سەیرە کە چۆن ناوی «شاعیر» جەبار حەبیبی لەبیرکردووە(7). وابزانم پێویستی بەوەنییە کە ڕوناکیی لە شاعیر بسەنێتەوەو بیخاتە سەر ناوبانگی خۆی، تێکستەکە لەگەڵ سادەو ساکاری بەڵام بەتامی سادەو ساکارەکە دەورێکی کاریگەری هەیە لە سەرکەوتنی گۆرانییەکە وەکو دەزانین تێکستی گۆرانرا چرۆیەکی سەوزی گۆرانییە(8) لە کلیپەکە دیسان فلاشباک دەوری سەرەکی دەبینێ تێستەکە و گرتەکانی کلیپەکە بەجوانی ناوێتەی یەکتری نەکراون، لە تێسکتەکە دا دەڵێ «نەتبینم ڕۆژێ مالم وێرانە-شار بیابانە) کە چی کە لەهۆڵەکە دێتە دەرەوە کچەکەلەدەرەوە چاوەڕوانی دەکات و ئەو خۆی لێ نەناس دەکات، لە کلیپەکە کاریگەری کلیپە تورکیەکانی لەسەرە بەبێ ئەوەی بەخۆی بزانێ، راستە هونەرمەند دەبێ لەگەڵ گۆڕانکارییەکانی ژیان بەردو پێشبچێ(9) بەڵام ئەوە ناگەیێنێ کە «بۆ ئەوەی بیسەلمێنێ کە جیهانبینیەک بەبۆچوون و فیکرت هەبێ، واز لە شتە تایبەتییەکانی خۆت بێنی، بە قەرز لە کۆشکی خەڵکیدا بژی نەک لە کەلاوەی خۆت(10).

4- کلیپی (دایک)11 کە لە تەلەفزیۆنی کوردسات بۆی هاتۆتە بەرهەم لەگەڵ ئەوەی هەوڵیان داوە بۆن و بەرامەی خۆمالیەکی لە کلیپەکەدا بێ بەڵام بەداخەوە وەکو پێویست نیشانەیان نەپێکاوە، بەتایبەتی کە لە کۆتایی دا (دایکی دەمرێ) شاعیر لەوانەیە دایکی وەکو شتێکی موجەوڕەد لەو شیعرەدا بەرجەستە نەکرد بێ، دایک هەمو مانا جوانەکان دەگرێتەوە، دایک نابێ بمرێ بەمردنی دایک لەو کلیپە خۆرپەیەک کەوتە دڵم(12).

5- کلیپی ڕۆژگار(13) کە لە تورکیا بەرهەم هاتووە ڕەنگێکی بۆزنی بەکارهێناوە کە چاوی بینەر بەو ڕەنگە ئاشنا نیە، ڕەونەقێکی ئاوای لە گۆرانیەکە نەبەخشیووە کە شایەنی باس بێت لەگەڵ ئەوەی ئاگادارم لە زۆر ولاتانی پێشکەوتوو بایەخێکی بەرچاوی هەیە ڕەنگی بۆزنزی کە لەبواری بە بەهایی لەوانی دیکە بە قیمەتترەو هونەرمەند زیاتری دراو تێدا خەرج کردووە، کلیپەکە لە دەرهێنانی (H-Botany) واتە وشیار بۆتانییە، ئەوەی من ئاگادار بم ئەو هاوڕێیە هیچ پەیوەندییەکی نەراستەوخۆو نە ناراستەوخۆی بە هونەری دەرهێنانەوە نییە لەبواری دیکە کار دەکات ئەوەی بەتورکیادا هاتبێتە هەندەران، ئەو ناوەی لا غەریب نییە پێم سەیرە هونەرمەندێکی وەکو زەکەریا چۆن مەسەلەی برادەرایەتی ناوێتەی هونەرەکەی دەکات. بە مەزەندەی من ئەو کوڕە کاتێ کە زەکەریا دەچێتە تورکیا لەلای ئەو دەبێ و ئەو بە ئەرکی هاوڕێیەتی هەڵدەستێ ئەویش وەک پاداشتێک ویستوویەتی بەوەفا بێت و ناوی تێکدووە.

6- کلیپی تۆ نازامەکە(14) کلیپێکی سەرکەوتووە و بەراستی سەرکەوتنی بەدەست هێناوە و توانیویەتی لەژێی هەستیار بدات و هەندێ گرتەی زۆر جوانی تێکردووە بەتایبەتی ئەو گرتەی کە دەیەوێ کچەکە لەشایی بێتە دەستی بەڵام ئافرەتە پیرەکە لەو وریاتر دەبێ ئەو دەبێتە دۆی دەستی و بەندە مراز دەبێ و بە ئاواتی خۆی ناگات، بەڵام لە هەمان کاتدا بێ ئاگایە لە هەڵەیەکی زۆق ئەویش تێکستەکە دەڵێ: «تۆو نازانەکە دەڵالێ نازمنینێ بەژن زراڤێ ئەسمەرێ خوێن شیرینێ»، دەڵێ ئەسمەرێ کە هەموومان دەزانین ئەو دۆیەی یاخود کچەی کە پاڵەوانی ڤیدیۆ کلیپەکەیە قژ زەردی چاو کاڵەو ئەسمەر نییە، ئەمەش کەلێنێکی بەرچاوی لە ڤیدیۆ کلیپەکە کردۆتەوە.

7- گۆرانی (بۆچی هاتی) کە سادەو ساکاری پێوە دیارە و ناکرێ پێی بگوترێ ڤیدیۆ کلیپ هیچ ئیزافەیەکی بەگۆرانییەکە نەبەخشیووە.

8- گۆرانی چەندە جوانی (15) دەکرێ پێی بگوترێ ڤیدیۆ کلیپی تەولیف کە گۆرانی بێژ تەنها بەدەنگ بەشداری دەکات، زۆر جاری وا هەیە گۆرانی بێژ ئاگاداری تۆمارکردنی نییە جاری وا هەیە لە خۆشەویستی گۆرانی بێژەکەیە، بەڵام زۆر بەشێوەیەکی بەرچاو سەرکەوتنی بەدەست هێناوە و ڕەونەقێکی بێ وێنەی بە کلیپەکە بەخشیووە.

9- (تیلی ناز) وەک دەزانین زەکەریا هەر لە سەرەتای دەستپێکردنیەوە بە عیشقەوە هەڵس و کەوت لەگەڵ هونەرەکەی دەکات، بۆیە لەبەرهەمەکانیدا هەست بە سەرکەوتوویی دەکەی(16) بەڵێ هەردەم لەخۆ نوێ کردنەوە دایەو هەمو دەم بیر لە شتە باشەکان دەکاتەوە(17) جاریکی دیکەش توانی لە کلیپی تیلی ناز سنوورە دەستکردەکان بەزێنێ و لەژێی هەستیار بدات، توانی تخوبی ناوچەگەری تەی بکات بۆ ئەوەی بتوانێ پانتاییەکی فراوانتر بۆ خۆی و هونەرەکەی داگیر بکات (18) ئەویش کلیپ کردنی ئەو گۆرانییە لە ولاتی دراوسێی تورکیا و سوود وەرگرتن لەو بۆیارە سیاسییەی کە لە تورکیا گۆرانی کوردی ئازادەو بۆماوەیەکی دیاری کراو پەخش دەکرێ کە کوردی باکوورییش نزیکەی 20 ملیۆن گوێگرن فرۆشی کاسێتەکەی زیاتر دەبێ و شۆرەتی هونەری بەریلاوتر دەبێتەوە، ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ زیرەکی ئەو هونەرمەندە، چونکە هونەر لەخزمەتی کۆمەڵگایەو دەبێ لەناو کۆمەڵگاش هەڵبەقوڵێ پێم باشە لە سینارێۆکە دەست پێ بکەم کە زەکەریا لە ڕێگەی قاوە گردوەیەک سەرنجی کچێک بۆخۆی ڕادەکێشێ و خۆشی دەوێ، دەچێتە هەر کوێیەک ڕووبەڕووی یەکتر دەبنەوە، بە چەند دیمەنێکی سەرنج ڕاکێش، لەکۆتایی دا هێلکەیەکی سپی کراو دەداتە بینەر کە بە دۆلار پاڕەی دەدات بە فاڵ گردوەکە، بەبڕوای من گرتەی کۆتایی لە بەهای کلیپەکەی کەمکردۆتەوە. بەدیمەنەکانی کلیپەکە کاریگەری گۆرانی بێژی دەنگ،خۆش ئیبراهیم تاتلیسازی لەسەرە لە گۆرانی (مافی مافی) لەگەڵ (هۆلیا ئەفشار) هەمو دەزانین هونەرمەند بەخۆی بزانێ یان نا کاریگەری تاتلیسازی لەسەر دیارە لە شێوازو گۆرانی چپین و جولەی دەستی لەگەڵ مایکرۆفۆن و ئاوێنەی سەر بەرگی ئەلبوومەکانیشی.

چۆنیەتی هەڵسوکەوت کردن لە کلیپەکە لەگەڵ بابەتێکی هەستیاری وەک خۆشەویستی، وابزانم ڕۆژگار ئەوەی سەماندووە هەمو شتێک بەپاڕە بکرێ مرۆڤ ناتوانێ خۆشەویستی و هەست و سۆز بەپاڕە بکرێ ئەگەر کڕیت ئەوا خۆشەویستییەکی ئیفلیجی تەمەن کورت دەبێ، چونکە خۆشەویستی لەسەرووی هەمو شتە پیرۆزەکانە، لەلایەکی ترخ دانەنانە بۆ هەست ناسکی و ڕۆمانسیەتی ئافرەت، ئافرەتی بەشێوەیەکی سادەو ساکار بەرجەستە کردوەو وای نیشانداوە کە زوو هەڵدەخەڵەتێن و بە بستێک ئاو دەکەونە مەلە بە قسەی قاوە گردوەیەک دەکەن ئەمەش وای کردووە ئافرەت وەکو شێوە شیاوەکەی نیشان نەدرێ.

10- جاریکی دیکەش ناوی شاعیرو دابەشکردن و ئامادەکاری لەیاد چووە نازانم هۆیەکەی چییە؟

11- وابزانم لەگۆرانی کوردی ئەوە یەکەم جارە دەبینم دابەشکردن و ئامادەکردن هاوێر کراوە کە دوو شتی لە یەکتر جیان، دابەشکردنێکی زۆر بە سەلیقەو پڕ نەشئەی بۆ ئەنجام دراوە. تێکست سادەو ساکارە، دەتوانرێ پێی بگوترێ نەزم (19) واتە وشەکاری و ڕیزکردن زۆر جار لە جێگۆڕێکی بە وشەکانەوە بەو لاوە شتێکی وای لێ بەدی ناکرێ.

سەرچاوەکان:

1- میدیا حوسێن-دیانە-گۆڵان.
2- مستەفا ڕەنجبەڕێ، ڕۆژنامەی برایەتی-دیانە.
3- کەنالی المستقلە شاکر حەسەن-ئاوازدانەر.
4- ڕۆژنامەی الاهرامی میسری /2004/4/26.
5- شیعرو ئاوازی هونەرمەند زیاد ئەسعەد.
6- ئاوازی زەکەریا و شیعری شاڵاو.
7- ئاوازی زەکەریا-تێکست؛ جەبار حەبیبی، لەگەڵ ئەوەی لە بەرنامەیەک داوای لێبوردنی کردو هەڵەکەی ڕاست، کردەوە، بەڵام شاعیر بەناوبانگترین بەرهەم مافی خورا.
8- ئیسماعیل خورمالی.
بەرنامەی شانشین 2003/1/13.
9- عبدالحلیم الحافظ، فضایە المصریە، مقابلە لیلی رستم.
10- شێرزاد حەسەن-دیانە-ڕامان.
11- دایک ئاوازی زەکەریا-تێکست شاڵاو، دەرهێنانی سیناریۆ، سامان جەلال.
12- پەیوەندییەکی تەلەفۆنی لەگەڵ شاعیر شاڵاو.
13- شیعری شاڵاو-ئاواز زەکەریا دەرهێنان H-Botany.
ئاسمانی بەختم تاکەی وەهایە
من و دڵداری لەیەک جودایە
دەبێ بگوترێ من و دڵداری لەیەک جوداین، بەڵام شاعیر مانای بە قوربانی قافیە کردووە.
14- ئاواز زەکەریا-تێکست ئەدیب چەلکی.
15- شیعرو ئاوازی برای هونەرمەند نەجمەدین ئاوارە.
16- چاوپێکەوتن لەگەڵ زەکەریا، کەنالی کوردسات، ئیبراهیم ئەحمەد.
17- هەمان سەرچاوە 2004/1/1 دیانە کوردسات ئیبراهیم ئەحمەد.
18- هونەرمەند لەچرینی گۆرانی بە زارلاوی کرمانجی دەورێکی کاریگەری هەیە ئەمەش خزمەتی ئەوە دەکات کە جەماوەری بەرفراوانتر بێ.
19- چەپکن گوڵ، چەپکن نێرگز. مامۆستا هێمن، دیانە فەرهاد شاکەلی.